# هێزی خوێندکار[١]



وتووێژ لەگەڵ هێربەرت مارکۆزە

و. پەیمان عەلیپوور

[١]. وەرگێڕ خۆی ئەم ناونیشانەی بۆ وتووێژەکە داناوە-و

**پرسیار : ئێوەیان لەگەڵ مارکس و ماوتسیتۆنگ پۆلێنبەندی کردووە . کاتێک خەڵک باسی «سێ "م"»ـی [مارکس ، ماو ، مارکۆزە] دەکەن، کاردانەوەی ئێوە چی دەبێت؟**

**مارکۆزە** : تێناگەم، مارکس؟ [بەرهەمەکانی] ئەوم بەقووڵی خوێندوەتەوە، بەڵام ماو؟ بەدڵنیاییەوە ئەورۆکە هەر مارکسیستێک کە کۆمۆنیستێکی تەواو گوێڕایەڵ[1] نەبێت، ماوییستە. من هەمیشە پێموابووە کە ئەڵتەرناتیڤێک هەیە، من لەکتێبەکانیشمدا داکۆکیم لە ئایدۆلۆژیای مارکسیزمی کۆن نەکردووە. ئەو کۆمەڵگا سۆسیالیستیانەی کە ئەورۆکە دامەزراون لەڕوانگەی منەوە ئەو شتەی کە پێی دەڵێم «چۆنیەتیی جیاواز»، لەگەڵ کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا نییانە. ئەوان ڕێگەیاندا بە بوونی یەک جۆر لە فەرمانڕەوایەتی لەباتی جۆرێکی دیکە؛ هەمووی ئەمەیە. [بەڵام] سۆسیالیزمی ڕاستەقینە شتێکی دیکەیە. من بڕوام بەوەیە کە بونیادنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی ڕاستەقینە دەستدەدات، بەبێ تێپەڕین بە هەر جۆرە سەردەمێکی ستالینییدا. کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دەبێت لەسەر یەکگرتوویی ڕاستەقینە و هەرەوەزیی ڕاستەقینە دامەزرێت: لەڕوانگەی منەوە شۆڕشی کوبا بەو ئاراستەیەدا دەڕوات. وەکو «گیڤارا»، کە سیمبوڵی ئەمە بوو، زۆر دوور بوو لە بۆرۆکراسی ستالینی، [و] زۆر نزیکبوو لە مرۆڤی سۆسیالیستیەوە.

[1] communist of strict obedience

**پرسیار: ئایا ئێوە تەنیا هەوڵدەدەن ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژیین شیبکەنەوە، یان ئەوەی کە هەوڵ بۆ گۆڕینیشی دەدەن؟**

**مارکۆزە** : ئەمە پرسیارێکی گەورەیە. هەر شیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە[١] دەبێت بەرەو گەڕان بە دوای گۆڕیندا ڕێنماییمان بکات، بەڕاشکاوی پەیوەندیەکی ناوەکی و ناوخۆیی لەنێوان شیکردنەوە و گۆڕانکاریدا لەئارادایە. سەبارەت بە خۆیشم، ئەوە ڕاستە کە ماوەیەکی زۆرە وەکو خەباتگێڕێکی چالاک نەماوم. من دەنووسم، وانە دەڵێمەوە، وتار دەدەم، لەگەڵ خوێندکاران گفتوگۆدەکەم: ئەمانە چالاکییە ئاساییەکانی ڕۆشنبیرێکە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا، چونکە لەم وڵاتەدا بارودۆخەکە شۆرشگێڕانە نیە، تەنانەت پێش‌شۆڕشگێڕییش نیە. کەوایە ئەرکی ڕۆشنبیر لەپێش هەموو شتێکدا ئەرکێکە لەپێناو پەروەردەیەکی ڕادیکاڵدا. ئێمە لە ئەمریکا، خەریکین دەچینە نێو «سەردەمێکی ڕۆشنگەری[٢]»ـی نوێوە.

**پرسیار: ئەدی لە ئەورووپا؟**

**مارکۆزە**: لە ئەوروپا، بارودۆخەکە جیاوازە چونکە لەوێ سیاسەت هێشتا تاڕادەیەکی زۆر لەلایەن چینی کرێکارەوە دیاریدەکرێت. هەروەها، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە لەئارادایە: ئەڵمانیای ڕۆژئاوا زۆر نزیکە لە «مۆدێل»ی ئەمەریکییەوە؛ ئیتالیا[ش]تاڕادەیەک نزیکە. فەڕەنسا زۆر دوورترە. من ڕودی داچکۆ[٣] و هاوڕێکانی، و کوڕەکانی SDS[٤] ، و باڵی چەپی ڕێکخستنی خوێندکاران بەچاکی دەناسم. ئەو زۆر میهرەبان و زۆر هەستیارە و ئەسڵەن

[1] real explanation
[2] period of illumination
[3] Rudi Dutschke
[4] Sozialistische Deutsche Studentenbund

خەڵکهەڵخەڵەتێن[1] نیە. ئەو کەسێکە کە زۆری کار کردووە و زۆر بیریکردووەتەوە، بەستەری[2] نێوان تیۆر و ئەکت(کردە و پراکسیس) بۆ ئەو و هەڤاڵەکانی، بە شێوەیەکی توندوتۆڵ دامەزراوە. دەڵێن ئەوان چەندین مانگیان بۆ سازدانی[ئەم بەستەرە] داناوە . ئەوە ڕاست نیە: ئەوان هەشت ساڵیان بۆ داناوە. ئایا خوێندکارە توورەکانی ئێوە لە فەرەنسا کارێکی وەهایان کرد؟ ئایا ئەوانیش بنەمایەکی ئایدۆلۆژیی توندوتۆڵیان دامەزراند؟ هەست ناکەم ئەوان وایان کردبێت.

**پرسیار: هەندێك جار وا هەستناکەن کە ئێوە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە تێزەکانتان هاوارده‌کەن، تێلەپەڕێندرێن[3]؟**

**مارکۆزە:** لەوانەیە وابێت. ئەگەر ئەوان توندوتیژن، ئەوە لەبەرئەوەیە کە داماون[4]. هێزی هیوابڕاوی[5] ، ئەکتی سیاسیی کاریگەر سازدەکات. بیهێنە بەرچاوی خۆتان ڕەشەکانی نیشتەجێی نەدارئاواکانی[6] وڵاتە یەکگرتوەکان؛ ئەوان ناوچەکەی خۆیان ئاگردەدەن، ماڵەکانی خۆیان دەسوتێنن. ئەوە کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە نیە، بەڵکو کردەیەکی هیوابڕاوانەیە، [هەڵبەت] ئەکتێکی سیاسیشە. سەرەڕای ئەمانە، لە ئەمریکا نارەزایەتییەکان[7] بە خوێندکارانەوە سنوردارنابێت. خوێندکاران لە دژی کۆمەڵگایەکی هەژار و بە شێوەی خراپ ڕێکخراو، یاخی نابن؛ بەڵکو لە دژی کۆمەڵگایەکی تەواو دەوڵەمەند [یاخیبوون] کە خۆشڕابواردن و بەفیرۆدانەکەی زۆر بەباشی ڕێکخراوە، کەچی ٢٥% لە دانیشتوانەکەی لە [گەڕەکە] نەدارئاوا و هەژارەکاندا دەژین. یاخیبوونەکەیان بە ئاراستەی دژایەتییەک نیە لەگەڵ چارەڕەشییەک کە ئەم کۆمەڵگایە سازیداوە، بەڵکو دژی بەرژەوەندییەکانێتی. ئەم دیاردە نوێیە، تەنها تایبەتە بە هی ئەو

[1] demagogue
[2] the link
[3] having been overtaken
[4] desperate
[5] despair
[6] ghettos
[7] uneasiness

شتەی کە پێی‌دەڵێن«کۆمەڵگای زەنگین[١]». لە ئەڵمانیا پرۆسەکە هەر هەمان شتە. لە فەرەنسا پێموانیە وابێت، لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگای فەرەنسی هێشتا کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەند[٢] نیە.

**پرسیار: سەبارەت بەو شتەی کە پێی‌دەڵێن بەراوردکردنی «هێزی ڕەش[٣]» و «هێزی خوێندکار[٤]»، چۆن بیردەکەنەوە؟**

**مارکۆزە** :ئەم دروشمە لە ڕوانگەی منەوە مەترسیدارە. لەهەموو شوێنێک، هەمیشە زۆرینەیەکی گەورە لە خوێندکاران کۆنزەرڤاتیف، [وە] تەنانەت کۆنەپارێزن[٥]. کەوایە «هێزی خوێندکار» ئەگەر دیموکراتیک بێت، دەبێ کۆنزەرڤاتیف و تەنانەت کۆنەپارێزیش بێت. «هێزی خوێندکار» بەو مانایەیە کە چەپ نەک بەرهەڵستکاری بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆیە، بەڵکو بەرهەڵستکاری خودی خوێندکارانە. ئەگینا بۆی زەروورییە کە پرۆسەی دیموکراسی گەمارۆبدات[٦] .لێرەدا ناکۆکبوونێکی بنەڕەتی لەئارادایە.

**پرسیار : بەبۆچوونی ئێوە ، هۆکاری بنچینەیی خۆپیشاندانە توندوتیژەکانی خوێندکاران لەزۆربەی وڵاتەکاندا، چیە؟**

**مارکۆزە** : دەربارەی خوێندکارانی ئەمەریکایی و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، کە من باشتر دەیانناسم، ئەمە پێداویستیەکی بەس عەقلانی نیە، بەڵکو «غەریزی[٧]»یە. ئەوان ڕەوشێکی وجودیی[٨] تەواو جیاوازیان دەوێت. ئەوان بەرپەرچی ژیانێک دەدەنەوە کە تەنیا کێشمەکێشە لەپێناو بووندا، ئەوان ڕەتیدەکەنەوە کە بچنە نێو ئەو شتەی کە ئینگلیزەکان پێی‌دەڵێن دەزگا[٩]، چونکە پێیانوایە ئیتر

1 the opulent society
2 affluent society
3 Black Power
4 Student Power
5 reactionary
6 outflank
7 instinctual
8 kind of existence
9 establishment

پێویست نیە. ئەوان هەستدەکەن کە سەرلەبەری ژیانیان نقوم بووە لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی و بەتایبەت سودەکانی بازرگانیی گەورە، سەربازی، و سیاسەتمەدارەکاندا. هیپیەکان بێننە بەرچاوتان. یاخیگەریی ئەوان دژ بە ئەخلاقی پیۆریتەن[1] ئاراستەدەکرێت، دژ بە کۆمەڵگای ئەمریکی کە لەوێندەرێ تاک ڕۆژێ دەجار خۆی دەشوات، بەڵام لە هەمان کاتدا بە سووک و سادەیی لە ڤییێتنام دەکوژن و دەسوتێنن. کەوایە ئەوان بە شێوەی میتۆدۆلۆژیانە لە ڕێگەی قژدرێژکردنەوە، ڕیش‌بەردانەوە، خۆنەشۆردن و ڕەتدانەوەی چوون بۆ جەنگ، دژ بەم دووڕوویيە[2] ناڕەزایەتی دەردەبڕن. لای ئەوان ناکۆکبوونەکان چاوکوێرکەرە. بەڵام بۆنمونە لەگەڵ خوێندکاران، ئەمە تەنیا وەک کەمینەیەکی زۆربچوک ڕاستە. خوێندکارەکان دەزانن کە کۆمەڵگا بەرهەڵستکارییەکان هەڵدەمژێت و ناعەقلانی[3] وەک عەقلانی پێشنیاردەکات. ئەوان بەڕوونی کەمتاکورت هەستیان بەوە کردووە کە مرۆڤی «تاکڕەهەند» هێزی نەفیکردنەوە ، [وە] توانستی[4] *نا* وتنی لەدەستداوە. کەوایە ئەوان ڕێگە بەخۆیان نادەن تێکەڵکێشی[5] ئەم کۆمەڵگایە بن.

**پرسیار: ئێوە چ وەڵامێک بە خوێندکاران دەدەنەوە ئەگەر ئەوان بێنە لاتان و بپرسن ئاخۆ خۆپیشاندانەکانیان[6]هۆشیاریی درووستکردووە، و دەتوانێت یارمەتی بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بدات؟**

**مارکۆزە:** من سەرەتا پێیاندەڵێم کە نابێ چاوەڕوانی هیچ شتێک بکەن مەگین خۆپیشاندانە گەورەکان، وەک ئەوەی کە لە هەرشوێنێک بە سەرنجراکێشی ڕوودەدات، تەنانەت لە فەرەنسا، لە دۆخێکدا کە تەنانەت پێش‌شۆڕشیانە یان دژە شۆڕشیانە نەبوو. بەڵام من هەرگیز کۆڵمنەداوە. لە وڵاتە یەکگرتوەکان، زیادکردنی دژایەتیکردن لەگەڵ جەنگی ڤییێتنام هەتا ئێستا لە درووستکردنی

---

[1] Puritan تاقمێک لە ئایینزای پرۆتێستانتە لە بریتانیا کە دژی دابوونەریتە ئایینیەکانە و لایەنگری سادە و ساکارین لە نزا و پاڕانەوەدا و ئەخلاقێکی زهیدانەن-
[2] hypocrisy
[3] irrational
[4] possibility
[5] integrate
[6] their manifestations

گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمەریکادا، لانیکەم تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووە. نابێ خەیاڵخاو بین؛ بەڵام نابێ کۆڵیش بدەین. بێسوودە لە وەها ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە کۆمەڵانی خەڵک پەیوەست بن بە بزوتنەوەکە و لەم پرۆسەیەدا بەشداری بکەن. لەڕوانگەی منەوە، شتێک لەم چەشنە دەتوانین لە یاخی بوونە[1] هەنووکەیەکانی خوێندکاراندا بەدیبکەین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاخیبوونانە بەتەواوەتی خۆڕسکن. لە وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ هەماهەنگی و ڕێخراوێکی چالاککردن لە پێوەری نەتەوەییدا بوونی نیە، تەنانەت لە پێوەری فراوانیی نەتەوەیەکیشدا بوونی نیە، و مەودایەکی زۆرمان هەیە لەگەڵ ڕێخستنێکی نێونەتەوەیی. بەدڵنیاییەوە ئەم جۆرە یاخیبوونە بەرەو خولْقانی هێزێکی شۆڕشگێڕانە ناڕوات. بەڵام لەگەڵ بزوتنەوەکانی «جیهانی سێیەم» و چالاکییەکانی گەڕەکە نەدارئاواکاندا بەیەکدەگاتەوە. ئەمە هێزێکی بەتوانایە بۆ هەڵوەشاندنەوە[2] .

ڕۆژنامەی لیمۆند – پاریس – حوزەیرانی ١٩٦٨

[1] revolt
[2] disintegration

**سەرچاوەکان:**

-Interview with Pierre Viansson-Ponte in Marxism, Revolution and Utopia: Collected Papers of Herbert Marcuse, Volume 6 , pp 297-299

-گفتگویی با هربرت مارکوزه، دربارەی سوسیالیسم و جنبش دانشجویی – ترجمه از متن انگلیسی :احسان پورخیری: http://praxies.org/?p=3890

-گفتگو با هربرت مارکوزه: جنبش دانشجویی- ترجمة مهرداد امامی – سایت انسان شناسی و فرهنگ : http://anthropology.ir/node/16364